# خواوەند بە شەلە شەل بە کۆڵانەکانی ئەوێدا ڕەتبوو

**لەگەڵ هاوڕێیەک  شارێک دەلاوێنینەوە**

حەمە کاکەڕەش

من دەمزانی لە یادەوەری ئەودا گولەیەک جێ ماوە
گولەیەک کۆتایی بە هەموو فڕینەکانی کۆتر هێنا
ئاسمانی وەک ئاوێنەیەک شکان
من دەمزانی لە ڕوحی ئەودا خەنجەرێک شکاوە
شکاوی ڕوحی ئەو سەر زەمینی خواوەندەکانی لەرزان و
خواوەندەکانی لە بێدەنگی دا سەرگەردان کرد
دڕکێک لە  پێی ئەو دایەو ئێمە تا دەمرین دەبێت بشەلین
وای لە ئێمە دەمانەوێ بە مەرگی ئەو ژیان بنووسینەوە
خوا چی لە هەتیوەکانی تۆ دەوێ؟
چی لە نوشتەی گەچلاوی شانی منداڵەکانت دەکات؟
شەقشەقەکانی تۆ لە کوێ دەشارێتەوە؟
بێشکەکانی تۆ فڕیدەداتە چی خەرەندێکەوە؟
خواوەند فریای کتێبەکانی خۆی نە کەوت
ئەو کتێبانەی کە هی ئەو نییە
خواوەند بە شەلە شەل بە کۆڵانەکانی ئەوێدا ڕەتبوو
خواوەند شێرزەو خەمناک خواوەندی چی
من بەو چاوە کزانەی خۆمەوە ملوانکەی بچڕاوی شارێکم کۆکردەوە
من بەو دەستە لەرزۆکانەی خۆمەوە تابووتێکم لە سەر سینگی ئەو لابرد
شارێک بە تەرمەکانی دەناسرێتەوە نەتەوەیەک شارێکی پڕ تەرمی بیرچوو
من گەردو گوڵی بەیانێک لەگەڵ خوێندنی کەڵەشێردا
سێ جار تفم لە دنیا کرد
دنیایەک دنیایەکی هیچ و پووچ پەنجەرەیەکی بۆ هەناسەکانی
شارێک نە کردەوە
هاوارم کرد من هەنیسکەکانی خۆم نادەم بە کەس
ئیتر چارەنووسم وا بوو چوومە شاری مەلولان و
دەستم بە دڵمەوە گرت و کوفر لە سەر کوفر کردم
ئەی شاری مەرگ کەسێک هاوارەکانی تۆی نەبیست و
تۆ لە هاوارەکانی خۆتا سپی سپی دەچوویتەوەو
منیش ڕەشتر لە قەترانی گوناهەکانی ئیمان